سەرکی دەستپاکی: هەموو کاندیدەکانی هەڵبژاردن ناچاردەکرێن بەڵگەنامەکردنی سەروەت و سامانەکانیان

دەستەی دەستپاکی عێراق ڕایگەیاند، هەموو کاندیدەکانی هەڵبژاردن و سەرکی حزبەکانی بەشدار لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، ناچاردەکرێن بەپێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانەکانیان.

ئەمڕۆ سێشەممە، ٨ی تەمووزی ٢٠٢٥، محەممەد عەلی لامی سەرکی دەستەی دەستپاکی لەکۆنگرێسێکی ڕۆژنامەوانیدا بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆمۆتەع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاند، لەسەر هەموو کاندیدو سەرکی حزبەکی بەشدار لەهەڵبژاردنەکان پێویستە، ڕاپۆرتی ئاشکراکردنی سەروەت و سامانەکانیان پێشکێش بەدەستەکە بکەن.

ئەوەشی ئاشکرەکرد، لەگەڵ کۆمیسیۆن و دەستە، تیمێکی هاوبەشی مەیدانی دروستدەکەن بۆ چاودێریکردنی ئەو پڕۆپاگەندیانەی لەکاتی بانگەشەدا تێماردەکرێن.

بەوتەی سەرکی دەستەکە، ژمارەی هەڵی گەرمی (٥٠٨٠) دیاریکراوە بۆ وەرگرتنی سکاکان و پێیوەندیکردن بەبەرامبەر.

هاوکات، لەوبارەیەوە مەروان محەممەد بڕپرسی لقی هەولێری کەمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنکان وتوبێژی، "ئەم هەنگاوە یەکەمجارە لەلایەن دەستەی دەستپاکییەوە پێیەوە دەکرێت".

ئەوەشی وتوە، "ئەمەش بە ئۆتۆمبێلی سەرچاوەی دارایی کاندید دیاربێتو دەرکەوێت ئەو پارێیەی بانگەشەی پەدەکات سەرچاوەکەی لەکوێیە، ئەمەش جگەلەوەی کەمسیۆن خۆی یاسایەکی هەیە بۆناوی (خەرجی هەڵبژاردن) بەگوێرەی یاساکە هەر کاندیدو حزبێک ڕێژەیەکی بە دیاریکراوە کە لەبانگەشە بکاریدەهێنێتو دەبێت ئەو لایەنە لەگەڵ کاندیدەکە هەژماری بانکییان هەبێتو پارەکەی دیاربێت".